## ڕۆژنامەنوس: نزار محەمەد .. بێماناترین زاراوە زاراوەی کوردستانی عێراقە لەدەستووری کوردستاندا ... ئا: ئاسۆ



دەستووری هەرێمی کوردستان زۆر قسە هەڵدەگرێت، بۆیەش ئاساییە پرسیاری جیاواز لەگەڵ خۆی بێنێ، ئەمە وەڵامی سێ پرسیارە لە بارەی بەشداری ژنان و ناونانی باشووری کوردستان بە هەرێمی کوردستان و مافی تورکمان و ئا: ئاسۆ ئاشوری و عەرەب و ناونانیان بە نەتەوە، هەر بۆیەش ئاساییە دوو ڕای جیاواز لەو بارەوە هەبێت، ئەوەی دەیخوێننەوە ڕای دوو ڕۆژنامەنوسی جیاوازە.

ئاسۆ ئازادی: لەماددەی (23) لەدەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا – عێراق و ئەنجوومەنی خۆجێی و شارەوانیەکاندا ڕێژەیەك بۆ بەشداری ژنان تەرخان دەکرێت بەمەرجێك 25% کورسی یەکان کەمتر نەبێت ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە (21) نییە لەهەمان دەستوردا کە مافی یەکسان دەبەخشێت بە هەردوو ڕەگەز

نزار محەمەد: ڕاستە لە مادەی 21 ئاماژە بە مافی یەکسانی هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو کراوە، بەڵام خۆ ئەم یەکسانیە لە ئارادانیە تا لە ژمارەی ئەندامانی پەرلەماندا ڕەنگبداتەوە، هەروەها دانانی ڕێژەی 25% بڕیارێکی تیۆرییە نەك واقعی، چونکە ئێمە بەرلەوەی ئەوە بکەینە مەبەست کە ژمارەی ژن لە بەشداریە سیاسیەکاندا چەندە و ژمارەی ژن لە پەرلەماندا چەندە، دەبێ ئەوە بکەینە مەبەست کە ماهیەتی ئەندام پەرلەمان چییە؟ گرنگ نیە ژن بێت یان پیاو، گرنگ ئەوەیە کە بزانێ وەزیفەی چیەو ئەرکەکانی چیە، گرنگ لێهاتوویی و دڵسۆزیە، گرنگ ئەوەیە ئەندام پەرلەمان پۆستەکەی بەکاربهێنێ و توانای هەبێت، ئیتر ژن بێت یان پیاو هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت، بۆیە من لەو ڕوانگەیەی کە ژنی کورد دەرفەتی ڕاستەقینەی بۆ فەراهەم نەبووە کە پلەی هۆشیاری خۆی بەرز بکاتەوە، بۆیە ڕێژەی 25% بەزۆر دەزانم، بەڵام ئەگەر هەر تەعیناتی ڕەشۆکی بێت وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە ئەوا ڕێژەی 25% بە کەم دەزانم. پاشان کێشەیەکی تر هەیە ئەو 25% کێن؟ بێگومان کەسوکاری سەرانی حزبن، هیوایان تێدایە عەرەبی نازانێت لە بەغدا ئەندام پەرلەمانەو بە حساب نوێنەرە، ژنی ڕۆشنبیری کورد کێشەی زۆرە هەم بەدەستی عەقڵی پیاو سالارییەوە هەم بەدەست ئەوەی ئەندام حزب جێکاکانیان قۆرخ کردوە.

ئاسۆ/لە ڕەشنوسی دەستوردا چەندین ناوو ئاوەڵناو بەکارهێنراون هەرە سەرەکی (کوردستانی عێراق) ە تەنیا ناوی کوردستان بە ڕووتی بەکار نەهێنراوە ئایا نەدەکرا کوردستانی باشوور یان کوردستان بەکاربهێنرایە تا ئەوەی عێراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟

نزار محەمەد / بێماناترین زاراوە زاراوەی کوردستانی عێراقە. لەویش بێ ماناتر زاراوەی هەرێمی کوردستانە کە تازە داهات. (کوردستانی عیراق) کەس داینەهێنا کورد خۆی نەبێت، پارچەیەکی کوردستان بەزۆر لە کوردستان کرابێتەوە و بەعێراقەوە بەسترابێ، بۆچی دەبێت بە عێراقی ناوبنرێت،

من باکوری عێراقم بەلاوە ئاساییە، چونکە کۆمەڵێ گەجەر و گوجەری عەرەبی داگیرکەر بەکاری دەهێنن، بەڵام قوڕبەسەریەکە لە وەدایە کورد بەدەمی خۆی و بە بڕیاری خۆی عێراقیێك بە کوردستانەکەی خۆیەوە بنوسێنێت، باشە ئەگەر بیاننوسییایە باشوری کوردستان چی دەقەوما، ئاخر ئەمە یەکەمین جارە دەستورمان هەبێت، چۆن لە دەستوردا ناوی نیشتمانەکەی خۆت ئەکەی بە پاشکۆی وڵاتێکی ئەنفالچی وەك عێراق. هەروەها زاراوەی هەرێمی کوردستان زۆر تراژیدیایی ترە، چونکە کوردستان لە وولاتەوە دەکرێ بە هەرێم یان ولایەت وەك چۆن دەڵێن هەرێمی یان ویلایەتی تەکساسی ئەمەریکی، ئەمە واتەی عیراق وڵاتێکە یەکێك لە هەرێمەکانی کوردستانە. سەیریش لەوەدایە عێراق تەمەنی ناگاتە 90 ساڵ، بەڵام کوردستان لە سەردەمی سەلجوقیەکانەوە ناوی هاتووە، ئیتر چۆن گەورەیی کوردستان لە بچوکی عێراقدا بوو بە هەرێم، وەك ئەوە وایە پیاوێك تەمەنی 80 ساڵ بێت کوڕی منداڵێکی 10 ساڵ بێت، مەخسەرەیە کە عێراق سیاسەت دروستی کرد ببێ بە باوکی کوردستان کە مێژوو دروستی کردوە. لەوەش مەخسەرەتر کورد ئەم گاڵتەجاڕیە بخاتە دەستورەکەی خۆیەوە. وادیارە حزبی دەسەڵاتدار دەستوریش بە پەیڕەو و پرۆگرامی پاشکۆیەتیەکی خۆیان دەزانن.



ئاسۆ: لە یەکێك لە ماددەکانی دەستوردا هاتووە کە دەڵێت گەلی کوردستان پێکهاتووە لە کورد و نەتەوەکانی تورکمان و کلدان و ئاشورو ئەرمەن و عەرەب پرسیارەکە بە دیاری کراوی ئەوەیە بە کارهێنانی ئەو کەمە نەتەوانە بە نەتەوە کێشەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان ناخولقێنین؟

نزار مەحەمەد: هەموومان گێچەڵەکانی بەرەی تورکمانیمان لەبەرچاوە کە لە کەرکوك و هەولێر... هتد بە تورکمانئیلی دەزانن، تەنانەت جارێك سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا وتبووی سلیمانی شارێکی تورکمانە، ئەمانە لەو وەهەمەدا بژین داوای ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی بکەن، ئیتر چۆن ناوهێنانی ئەمانە بە نەتەوە لە دەستوری کوردستاندا هێندەی تر بەنزین ناکات بە ئاگردا، مێژوو باسی ئەوە دەکات کە تورکمان بە چەند قۆناغ هاتونەتە کوردستان، ئەمڕۆ وەك کەمە نەتەوەیەك بونیان هەیە و مافیشیان هەیە، بەڵام ئەو پێناسەیە دەیانکات بەخاوەنی خاك، دەیانکات بەبرابەش جگە لەوەش تورکمانو بەرەی تورکمانی بەمە نازانن و دژی فیدراڵی کوردستانن، سەری زمان و بنی زمانیان یەکێتی خاکی عێراقە. لە دژی کورد عێراقچێتی تەواو دەکەن، لەکاتێکدا لە دەستوری عێراقدا لەکولوکەی تەردا ناوی تورکمان نەهاتووە، سەرۆکی بەرەی تورکمانی لەنامەیەکدا بۆ (جیمس بیکەر) گلەیی ئەوە دەکات ناوی تورکمان لە دەستوری عێراقدا لەگەڵ کورد و عەرەب نەهاتووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خەمی ئەوەی لێهاتووە فیدراڵی کوردستان عێراق دابەشبکات کەلە دەستوری خۆیدا ڕێزی لە تورکمان گرتووە، ئەمەش مانای وابە کورد بەرتیلی خۆرایی داوە حسابی ئەوەشی نەکردووە بە ئاگاداریەوە وشەو زاراوە بەکاربهێنێ.

گرنگ نییە بنوسرێ کوردستانی عێراق، ئوستانی کوردستان، پارێزگای کوردستان

عومەر محەمەد - سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئامانج

ئاسۆ ئازادی: لەماددەی (23) لەدەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا – عێراق و ئەنجوومەنی خۆجێی و شارەوانیەکاندا ڕێژەیەك بۆ بەشداری ژنان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەرخان دەکرێت بەمەرجێك 25% کورسی یەکان کەمتر نەبێت ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە (21) نییە لەهەمان دەستوردا کە مافی یەکسان دەبەخشێت بە هەردوو رەگەز؟

عومەر محەمەد/ یەکسانی پەیامێکە دیاری ناکرێ، بەڵکو هەڵبژاردن ئەوپەیامی یەکسانیە دیاری دەکات، مەرج نییە کەرێژە دابنرێ بۆ ژنان، کەرێژە دانرا واتە دیموکراسی پراکتیزە نابێت، کە دیموکراسی نەچەسپا، ئەوا یەکسانی و مافی مرۆڤ بەدەست نایەت، دیاریکردنی رێژە خۆی لە خۆیدا تەوافوق دەنوێنێ، تەوافوقیش بۆ کاتێکی دیاریکراوە، کە مرۆڤ لە قۆناغێکی ناسکدا دەژی، بەڵام ئێمە (16) ساڵە باس لە یەکسانی و مافی مرۆڤ و مافی ژنان دەکەین.. ئەگەر ژنان خۆیان پێگەی خۆیان بەهێز نەکەن، ئەوا زۆر زەحمەتە پیاوان بتوانن ژنان بەرەو پێشەوە ببەن. بۆیە دانانی رێژە لەدەستوردا خۆی لەخۆیدا ماددەیەکی بۆ تەرخان کراوە، ئەبوایە رێکخراوەکانی ژنان پێیان دایگرتایە کە ئەو رێژەیان قبوڵ نەکردایە، ئێستا بەپێی سەرژمێرییەکان رێژەی مێ لە عێراقدا 65% دانیشتوان پێك دەهێنێ، واتە ئەبوایە رێژەی ئەندامانی ژنان لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی خۆجێێ و شارەوانیەکاندا، 50%زیاتر بوایە. ماددەی (23، 21) دووماددەی دژەبەیەکن یەکیان باسی یەکسانی دەکات ئەویتریان لە هەوڵی دانانی رێژەدایە بۆ بەئەندام بونیان.

ئاسۆ/ لە رەشنوسی دەستوردا چەندین ناوو ئاوەڵناو بەکارهێنراون هەرە سەرەکی (کوردستانی عێراق) ە تەنیا ناوی کوردستان بە رووتی بەکار نەهێنراوە ئایا نەدەکرا کوردستانی باشوور یان کوردستان بەکاربهێنرایە تا ئەوەی عێراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟

عومەر محەمەد ئەمین/ گرنگ نییە بنوسرێ کوردستانی عێراق، ئوستانی کوردستان، پارێزگای کوردستان، هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستانی عێراق، تا نووسینی ئەم رەشنووسە سەرکردایەتی کورد لە بەغداو لێرە حوکمرانی دەکەن واتە دەستور کە کاتێ دادەنرێ، دەبێت رەچاوی بارودۆخی ئەو کاتە بکات. ئەگەر رەچاوی نەکات، ئەوا زۆر زەحمەتە بچێتە بابی جێبەجێکردنەوە، بەڵام دەبێ ئەوە باش بزانین، دەستور ئایەتی قورئان نییە دەسکاری نەکرێ، بەڵکو دەستور بەپێی قۆناغەکان و گۆرانکارییەکان هەموار دەکرێ، کاتی هەموار (تعدیل) دەکرێ ئەتوانرێ کاتەکە لە باررێ بۆ لابردنی ئەو پاشگرانە، دەستور کاتی دادەنرێ پێویستە رەچاوی هەموو بارودۆخەکان بکات ئێستاش ئێمە لە عێراقدا هەرێمێکین، واتە فیدراڵین، نەگەیشتوینەتە قۆناغی کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆیی.

ئاسۆ ئازادی: لە یەکێك لە ماددەکانی دەستوردا هاتووە کە دەڵێت گەلی کوردستان پێکهاتووە لە کورد و نەتەوەکانی تورکمان و کلدان و ئاشورو ئەرمەن و عەرەب پرسیارەکە بە دیاری کراوی ئەوەیە بە کارهێنانی ئەو کەمە نەتەوانە بە نەتەوە کێشەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان ناخولقێنین؟

عومەر محەمەد/ کاتێك کە دەستور باس لە پێکهاتەی ئەو وولاتە یان ئەو هەرێمە دەکات، پێویستە باسی هەموو کەمە نەتەوایەتیەکان بکات، ئەگەر دەستورەکە دەستورێکی دیموکراسی بێت و ئیمانی بە مافی گەلان هەبێت، بەڵام ئەگەر دەستورەکە لەبنەرەت بۆ ناونان بێت هەربڵێن ئەم هەرێمە یان ئەو وڵاتە دەستوری هەیە، ئەوا وەك رووکەش بێت. ئەوا دەتوانێت ناوی کەمە نەتەوایەتیەکان نەبات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بوونی یان نەبوونی ئەم دەستورە هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر ئایندەی دیموکراسی و یەکسانی و مافی مرۆڤ وعەدالەتی کۆمەڵایەتی، کاتێك لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا باسی تورکمان و کلدان وئاشور و ئەرمەن و عەرەب نەکات ئەوکاتە دیموکراسیخوازەکان دەڵێن سەر رەحمەت لە دیکتاتورە حوکمرانەکانی عێراق، چونکە لە مێژووی دەستوری عێراقدا لەیەکەم دەستورەوە لە ساڵی (1925) هەتا دەرچوونی قانوونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە کە بەدەستور

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناودەبرێ، هەرهەمووی باسی نەتەوەکانی عێراقی کردووە بە تایبەتی نەتەوەی کورد، ئەگەر دەستورەکان هەرهەمووی بەس نوسین بووبێت ئەوا بو نوسینە خۆیان ڕزگار کردووە لە کۆمەڵێك بڕگە وبایەتی قانونی، کەبەرگری دەکەن لە مافەکانی مرۆڤ. لەبەشێکی تری پرسیارەکەدا دەڵێت (بەبەکارهێنانی ئەو کەمە نەتەوانە بەنەتەوە کێشەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان ناخولقێنێت) بە تەئکید بەناو نەهێنانی ئەوانە ئێمە ئەخاتە ناو خانەی دیکتاتورەکانەوە، بەجەختکردنەوە لەسەر مافەکانی ئەو نەتەوە دەستەبەرکردنی یەکسانی بۆیان، ئەوا دوپاتی دەکەینەوە، کە ئێمە خەباتمان کردووە لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی چاندنی تۆوی خۆشەویستی لە نێو ئەو گەلانەی کەلە هەرێمی کوردستاندا دەژین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.